www.kurdistannet.org

# شەڕ دز دروستئەكات و ئاشتیی هەڵیئەواسێت

## نەوزاد وەلی ـ سوید

پەندی پێشینان گەنجینەی ئەزمونی نەوەكان ، زۆر گرنگە و زۆربەیان وەك ڕاستییەكی نەگۆڕن و بۆ هەموو سەردەمێك ئەشێن.
یەكێك لەو پەندانەش پەندێكی پێشینانی سكۆتییە كە ئەڵێت: شەڕ دز دروستئەكات و ئاشتیی هەڵیئەواسێت.
ئەم پەندە دەقاودەق لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی باشوری وڵاتماندا ئەگونجێت.

باشوری وڵات بە شێوەیەكی گشتیی و تا ئەم چەندساڵەی ڕابوردوو ، هەر لە بارودۆخی ناهەمواردا بووە و شەڕی كوردكوژیی ڕژێمەكانی عێراق و شەڕە ناوخۆییەكان ئەو دەرفەتەیان نەداوە بە گەلەكەمان كە پشوویەك بدات و تاوێك بە ئارامیی بژی.

شەڕی دەیان ساڵەی بەزۆر سەپێنراو بەسەر گەلەكەماندا ، تەواوی بوارەكانی ژیانی كوردەواری گرتبووەوە ، بۆیە هەموو چالاكییە سیاسی و كۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەكانمان بە نهێنی ئەكران ، واتە خەباتی نهێنی تەنیا ڕێگایەكی خەبات بووە تا ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی 1991 ، دوای ئەوەش بە ماوەیەكی كەم ، دیسان خەباتی نهێنی دەستی پێكردووەتەوە و تەنانەت لە جارانیش سەختتر ، چونكە لایەنگرانی دوو زلحیزبەكە ئێستاش ناتوانن بە ئاشكرا و بە ئازادیی لە هەرێمەكەی تردا چالاكیی بنوێنن.

ئاشكرایە كە لە بارودۆخی ناهەمواریی و شەڕدا ، حیزبەكان نەیانئەتوانی بە شێوەیەكی ئاسایی و پێویست كۆنفرانس و كۆنگرە بگێڕن ، ئەگەر ئەو دەرفەتەشیان هەبووبێت ئەوا وەك شتێكی سیمبۆلیی بووە و زیاتر بۆ پڕوپاگەندە بووە ، بۆیە ئەندامیەتی سەركردایەتییەكان تا ڕادەیەكی زۆر بە دامەزراندن (تعین) بووە ، نەك بە شێوەیەكی دیموكراتییانە و عادیلانە ، ئەوەش لای كەس شاراوە نیە.

لە بارودۆخی نەگونجاو و شەڕوشۆڕ و خەباتی نهێنیدا كەس گوێ نادات بە (ئەزمون) و توانای ڕۆشنبیریی و سیاسی و .. تـد ، بەڵكوو **دڵسۆزیی بۆ سەركردە و حیزبەكە ئەبێت بە پێوەر بۆ دڵسۆزیی بۆ گەل و نیشتمان** و ئیتر زۆربەی ئەندامانی حیزبەكە ئەبن بە دەروێش و حیزبەكەیان لێ ئەبێت بە مزگەوت و سەركردەش بە ئیمام و لایان وایە كە ئەبێ هەموو ئەو خەڵكە ڕوو بكەنە مزگەوتەكەی ئەوان و گوێ لە ئیمامەكەی ئەوان بگرن ، یان هەندێكیان لایان وایە كە حیزبەكەی خۆیان گوڵی كوردستانە و ئەوانی تریش دڕكن!

هەر ئەمەشە وای كردووە كە حیزبایەتی لای ئێمە وەك ڕێچكەی ئایینیی (مەزهەب)ی لێهاتووە.

لە خەباتی چەكدارییدا زۆربەی بەرپرسەكان لە ناوچەكانی خۆیاندا وەك پاشا هەڵسوكەوتیان ئەكرد ، ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەكیی ، یەكەم: لەبەرئەوەی كە چەك دەسەڵاتە ، بۆیە بەرپرسێكیش كە دەیان و سەدان چەكداری لە دەور بوو ، خۆی بە دەسەڵاتدار و حاكمی بێپایانی ناوچەكەی ئەزانی.

بەگشتیی و لەبەر هۆی ئەمنیی ، زۆربەی ئەو دەسەڵاتدارانە كەسوكاری خۆیان لە خۆیان كۆئەكردەوە و بەوەش بازنەی دەسەڵاتیان ئەوەندەی تر پتەوتر ئەبوو.

دووەم: لەبەرئەوەی كە پێشمەرگە ژیانی خۆی لەپێناوی گەلەكەیدا ئەخستە مەترسییەوە ، بۆیە لای وابوو كە ئەبێت گەلەكەی گەورەترین پاداشتی بداتەوە و هەموو كارئاسانییەكی بۆ بكات و تەنانەت ماڵ و سامانیشی بكات بە قورگیدا.

ئێوارەیەك لە بەهاری 1981 دا لە گوندی خدرانی بەری بتوێن لەگەڵ پێشمەرگەیەكی تردا لە ماڵی جوتیارێك دامەزرابووین ، برادەرەكەم دەستی كرد بە قسەكردن و باسی شەڕی ئێران و عێراق و دنیا و فەلسەفە و مەلسەفەی ئەكرد و

www.kurdistannet.org

ئەوەی ئەیوت نەیئەوتەوە ، منیش لەبەر ماندوویی ڕێگا و بێزاریی لە قسەکانی برادەرەکەم ، خۆم کردبوو بە کەڕەی شەربەت. کابرای خاوەنماڵ ، جوتیاری ماندوو ، هەر ئەوەندە دەمی سوتا و وتی: باشە کوڕم .. دە ئیتر نانەکەت بخۆ.

پێشمەرگەش هەر کە هەستی کرد مامەی جوتیاریش وەك من بێزارە و هەر وەك گوێزی بۆ بژمێرێت وایە ، چونکە ئەم جوتیار و نەخوێنەوار و ئەویش شاریی و کۆلکەخوێنەوار! بۆیە توڕە بوو ، بە دەنگێکی بەرز وتی مامە بۆ تۆی ئەکەم .. بۆ تۆۆۆۆ...!

مامەی جوتیاریش وتی کوڕم ئەگەر بۆ منی ئەکەیت ، نەیکەیت باشترە! بچۆ بۆ ماڵ و مناڵی خۆتی بکە.

ئەم نمونەیەم بۆیە هێنایەوە چونکە تنۆکێکە لە دەریایەك لە پۆزلێدانی چەکداران بەسەر جەماوەری ستەمدیدەی خۆیاندا و لە هەمان کاتیشدا بێزاربوونی جەماوەرەکە.

ئەو بارودۆخە نائاساییەی کوردستان هەزاران کەسی ناڕۆشنبیر و نەخوێنەواری کرد بە خاوەندەسەڵات و حاکمی شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکاندا. هەزاران دیکتاتۆر دروستبوون لەناو هێزە چەکدارەکانی حیزبەکاندا و خۆشەویستیی دەسەڵات و پلە و پایە و ماڵ و سامان ، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە ئاگری شەڕی کوردکوژیی هەڵبگیرسێنن و بکەونە ڕاووڕووت و تەنانەت پەیوەندییکردنیش بە دەزگا سیخوڕییە هەمەجۆرەکانی بەعس و وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە و بۆ ئەوەی کە هەمیشە هێڵێکی پاشەکشەیان هەبێت.

هەر ئەو بارودۆخە نائاساییانەشە وای کردووە کە ئەو لایەنانەی سەردەمی خەباتی چەکداریی ، خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاست و تەنانەت بە خاوەنی گەلەکەیان بزانن!

هەر ئەو عەقڵییەتەشە کە بووەتە هۆی ئەوەی هەندێك لە (خاوەنی) کۆلکە حیزبەکان و کادێرانیان ، خۆیان لێ بووە بە (خاوەنی) گەلی کورد و پەیوەندییان کردووە بە دەزگا سیخوڕییەکانی بەعسەوە و (بە حسابی خۆیان) لەگەڵ بەعسدا و لەپێناوی کورددا (وتووێژ)یان کردووە!!!

**ئەگەر بەختی کورد یان بێبەختیی بەعس نەبووایە ، لەوانەیە ئەو سیخوڕانە هەرگیز ئاشکرا نەبوونایە و تەنانەت ئەگەر قەزاوبەڵای ئێمەشیان ببردایە ، ئەوا لەوانەیە ئاڵای کوردستانیشیان بۆ دابگیرایە و زۆربەشمان فرمێسکمان بۆ بڕژاندنایە و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بە شان و باڵیشیاندا هەڵمانبدایە!**

سەیر لەوەدایە کە ئەو بەرپرسە سیخوڕانە خۆیان پیاوی بەعس بوون ، بەڵام لەبەر کەمترین گومان ، سەدان پێشمەرگەی لایەنەکانی خۆیان کوشتووە! حەمەی حاجی مەحمو لە کتێبەکانیدا بە ئاشکرا باسی ئەو تاوانانەی سەرکردە و کادێرەکان ئەکات و تەنیا ئەوانەی خۆی نەبێت ، هەموو کەس و لایەنێکیش تاوانبار ئەکات!.

ئەوەی ئەمڕۆ دەرئەکەوێت ئەوەیە کە ئەو بەرپرسە سیخوڕانە بۆیە ئەو گومانلێکراوانەی ناو لایەنەکانی خۆیان لەناوبردووە ، لە ترسی ئەوەی نەوەك بە سیخوڕییەکەی خۆیان بزانن و ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاشکرایان بکەن!.

**لە گەرمەی ڕوخانی بەعسدا دەیان بەرپرسی گەورەی لایەنەکانی کوردستان بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بەغدا و شارە گەورەکانی تر ، گومان لەوەدا نیە کە هەندێکیان مەبەستیان ئەوە بووە کە بە هەرچی شێوەیەك بێت فایلەکانی خۆیان بدۆزنەوە یان بیکڕنەوە یان بەرامبەر بەو خزمەتە بەرپرسانی بەعس ڕزگاربکەن و لە ڕێگای کوردستانەوە دەربازیان بکەن ، وەك شێخ جەعفەر و عەبدولوەهاب ئەتروشیی و دەیانی تر.**

ئایا کاتی ئەوە نیە کە ئەو کەسانەی ئەو کوردکوژانەیان دەربازکردووە بدرێن بە دادگا؟ ئایا مانای ئەوە نیە کە ئەو دەربازبووانە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان بەعس و ئەو سیخوڕانە بووبن کە لەناو سەرکردایەتی لایەنەکاندابوون ، هەر بۆیە دەربازیانکردوون؟

ساڵی پار لـە سێ ژمارەی (هاوڵاتی)دا چەند دزییەکی گەورە ئاشکرا بوو کە بووە هۆی شەڕەدەنوکی نێوان قایەری حەمەجانی **(حاکمی شۆڕش)** و حەمەی حاجی مەحموی **(سۆشیالـدیموکرات)**.

ئەمیان ئەیوت نیوەی سلێمانی دزیوە و بەناوی برایەکی پۆلیسیەوە تاپۆی کردووە ، ئەویشیان ئەیوت زەوی چەند کرێکارێکی کارگەی جگەرەکەی دزیوە و خستوویەتیە سەر زەوی و ماڵی خۆی و ڤیزا و (دەعوەتنامە)ی حیزبەکەی بۆ کۆنگرەی (ئینتێرناشناڵ سۆشیالـیست) فرۆشتووە و خاوەنی شەست دوکانە لـە سەیسایەق و زەوی جوتیارانی شارەزوری زەوتکردووە.

ئەویش ئەیوت خۆشی خانووەکەی بە بەرتیل و بەخشیش و دیاریی وەزیرەکانی سلێمانی دروستکردووە ، پارتی و یەکیەتی هەر لـە زاخۆوە تا خانەقین هەموو دوکان و بازاڕ و هۆتێل و دامودەزگاکانی بەعسیان داگیرکردووە و.. تد.

بەڵێ .. وەك پێشتر باسمانکرد ، چونکە ئەویان حاکمی شاخ بووە ، بۆیە لای وایە کە ئەبێت لـە شاریش هەر حاکمی بێپایان بێت و ئەمیشیان خۆی بە خاوەن حیزب ئەزانێت ، بۆیە وەك ئەوانی تر ، خۆشی بە خاوەنی ناوچەکەی خۆی ئەزانێت و لای وایە کە بۆی هەیە حاکمی بێپایانی شارەزور بێت!!!

گومان لـەوەدا نیە کە ئەگەر ئەو نیوە ئازادیی و نیوە ئاشتییە لـە باشوری وڵاتدا نەبووایە ، ئەوا هەر وا بە ئاسانیی دزە گەورەکان ئاشکرا نەئەبوون.

ئەگەر ئاشتیی و دیموکراتیی و دەزگای ڕاگەیاندنی ئازا و بوێر نەبێت ، دیکتاتۆرەکانی ناو حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەر وا بە ئاسانیی ئاشکرا نابن و لـە گۆڕەپانەکە دورناکەونەوە.

**کلـتوری دزیی ، جەردەیی ، دیکتاتۆریی ، فاشیستیی و سیخوڕیی بەعس ، بە درێژایی چل دانە ساڵ ، بووە هۆی ئەوەی کە زۆر لـە سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئێمەش کەم یان زۆر لـەو کلـتورەوە فێربن.**

هەر ئەو کلـتور و پەروەردەیەی بەعس و ئیسلام و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە وای لـە سیاسییەکانی کوردیش کردووە کە دەستیان لـە سوچێکی دەسەڵات گیربوو ، ئیتر هیچ هێزێك لایان نابات ، خۆ ئەگەر (خوانەخواستە) و بە قەزاوقەدەریش لابچن! ئەوا جێگاکەیان بۆ کەسی خۆیان دابینکردووە!

**ئەبێ حیزبەکان ئەو ڕاستییە باش بزانن کە ئەمڕۆ ڕۆڵـەکانی گەلـەکەمان لـە هەموو سەردەمێك زیادتر هۆشیار و چاوکراوەترن و ڕۆحی نەتەوەیی و کوردستانییان بەهێزتر بووە.**

ئەو کەسە حیزبییانەی کە بیانەوێت خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن ، ئەوا ئەمڕۆ باشترین دەرفەتی مێژووییان بۆ ڕەخساوە کە دز و جەردە و دیکتاتۆر و سیخوڕەکانی ناو حیزبەکانیان ئاشکرا و ڕیسوا بکەن.

**حیزب پیرۆز نیە و مزگەوت نیە! تەنانەت مزگەوتیش ئەگەر پێویست بکات ئەڕوخێنرێت یان دەستکاریی و نوێ ئەکرێتەوە.**

**بە لاچوونی سەرکردە و بەرپرس یان دەرکردنیان یان بە چەند ڕەخنەگرتنێك ، حیزب ناڕوخێت ، ئەگەر هەر لـە بنچینەدا فاکتەری ڕوخاندنی تیادا نەبێت.**

ئەوەی کە جێی سەرنج و سەرسوڕمان و داخە ، ئەوەیە کە لـەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ ئەو دز و جەردە و سیخوڕانە ئاشکرا بوون و بەرەبەرە هەر ئاشکرا ئەبن ، بەڵام تا ئێستا حیزبەکان هەڵوێستی جوامێرانەیان نیە بەرامبەریان. ئەوەش تاوانێکی مەزنە بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و خوێنی هەزاران ڕۆڵـەی ئەم گەلـە ستەمدیدەیەمان و مێژوو ئەو بێهەڵوێستییەی لایەنەکان و زۆربەی ڕۆشنبیران و دەزگا و سەندیکاکان و کۆڕوکۆمەڵـەکان ، لـە لاپەڕە ڕەشەکانیدا تۆمارئەکات.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ڕۆشنبیرانی کورد لـە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کۆمیسیۆنی تایبەتیی دروستبکەن بۆ کۆکردنەوەی ناو و فایلـەکانی سیخوڕەکان و دز و جەردە حیزبییە گەورەکان و ئەو کەسانەش کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لـە شەڕە کوردکوژییە ناوخۆییەکاندا و لێکۆڵینەوە لـە ڕووداوە خوێناوییەکان بکرێت؟ چونکە ئاشکرایە کە ئەو شەڕانە بە بێ بەعس نەکراون و زۆربەی شۆڕەسوارانی شـەڕی ناوخۆ فایلیان هەیە و بەرپرسی وا هەیە کە بە درێژایی ئەو ماوەیەی لـە دەرەوە بووە ، لـە شەڕی لایەنەکان و کوردکوژیی زیادتر ، فیشەکێکی بە بەعسەوە نەناوە و هەمیشە ئەستێرەی درەوشاوەی کوردکوژیی بووە.

لـە ئەورووپا کۆمیسیۆنێکی وا هەر وەك ئەوانەی وڵاتانی پێشووی یۆگوسلاڤیا و باڵکان و مەکدۆنیا ، ئەتوانێت لیستێك بە ناوی تاوانبارانی جەنگ لـە بەعسیی عەرەب و کورد و لـە کوردکوژانی شەڕی ناوخۆ بدات بە دادگای نێونەتەوەیی.

دادگای وڵاتی بێلجیگ تا ئێستاش چاوەڕێی دەرفەتێك ئەکات کە ئارییل شارۆن دەستگیر بکات و سزای بدات لـەو بەرپرسیارییەیدا کە پێش بیست و یەك ساڵ هەیبوو لـە کۆکوژییەکەی سەبرا و شاتیلا دا کە لـەچاو قوربانییەکانی ئەنفال و کیمیابارانەکانی کورددا وەك تنۆکێکن لـە دەریادا.

بڕیاردانی چارەنوسی سیخوڕ و ئەبوفایلـەکان هەر بە تەنیا مافی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان نیە ، چونکە ئەمڕۆ نیوە ئاشتیی و دیموکراتیی هەیە لـە باشوری وڵاتدا و سەردەمی شاخ و خەباتی نهێنی و چەکداریی نیە تا مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بڕیار بدەن و خەڵکەکەش ملکەچیان بن!!!

لـە دوای ڕاپەڕینەوە زلحیزبەکان دەیان هەزار جاش و موستەشاریان گرتەخۆیان ، سەیر و سەمەرەش نابێت ئەگەر هەزار جاش و سیخوڕی (تازە ئاشکرابوو)ش بگرنە خۆیان و لێبوردنێکی گشتییان بۆ دەربکەن! چۆن لـە بەعسیی و ئەفسەرە ئەنفالـچییە عەرەبەکان و خەزرەجی و سوڵتان هاشم و وەفیق و مەفیق سامەڕائی خۆش بوون و پاکانەیان بۆ ئەکردن ، هەر بەو جۆرەش لـە زۆربەی بەعسیی و ئەنفالـچی و ئەبوفایلـە کوردەکانیش خۆش ئەبن و دەربازیشیان ئەکەن بۆ دەرەوەی وڵات!

ئەی بەگوێرەی کام ڕێسا و یاسای مرۆڤایەتی! مەکتەبی سیاسی حیزبێك لـە سەروو یاسا و دادگاوە ئەبێت؟ ئایا ئەو مەکتەبی سیاسییانە بیر لـەوە ناکەنەوە کە ئەوە کاکە مارینـزە لـە بەعس ڕزگاری کردوون و دیموکراتییەکەی خۆی هێناوە بۆیان! دە هەر هیچ نەبێت شتێك لـە دیموکراتییەکەیان هەڵکرێنن.

بیل کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمێریکا دوای ئاشکرابوونی کێشەی مۆنیکا لوینسکی ، چەند جارێك ڕاپێچی دادگاکان کرا و حیزبەکەشی خۆی لـێ کەڕ کرد ، بۆ ئەوەی کە سومعەی حیزبەکەی تیادا نەچێت!.

لـە سەردەمی بەعسدا (مەجلیسی قیادەی سەورە) دانەر و خاوەنی هەموو یاسایەك بوو ، هیچ یاسا و دادگایەك لـە سەروو مەجلیس و سەرۆکەکەیەوە نەبوو. لـە کاتی پێویستیشدا و بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان ، مەجلیسی قیادەی سەورە ، لـیژنە و دادگـای تایبەتیی لـە ئەندامانی خۆی دروستئەکرد ، یان لـە چەند دادوەرێك و تەها جەزراوی یان عیزەت دوری ، نەعیم حەداد ، نازم گەزار ، حەسەن عەلی ئەلعامری و محەمەد عایش و ئەوانی تر ئەبوون بە سەرۆکی دادگاکە ، ئیتر کێ ئەیتوانی لـە بڕیاریان دەربچێت!.

ئەگەر لـەهەمان ڕوانگەی مێژوویی و دەسەڵاتەوە سەیری ئەو مەجلیسەی بەعس و (گاڵتەبازاڕ)ی ئەبوفایلـەکان و حیزبەکانی خۆمان بکەین ، ئەوا هەر وەك یەك دێنە پێش چاو. ئەگەر حیزبێك لیژنەیەك یان دادگایەك (بە نهێنی) بۆ لێکۆڵینەوە لـە کێشەی ئەبوفایلـەکان دروستبکات و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرۆکی بێت ، یان هەر لـە ناویدا بێت! ئیتر چ جیاوازییەکی ئەبێت لـەگەڵ ئەوەی مەجلیسی قیادەی سەورەدا ، لـە کاتێکیشدا ئەو لیژنەیە یان ئەو دادگایە کاری تەنیا لێکۆڵینەوە بێت و (بە ئیشرافی) ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوابڕیاریش بگەڕێتەوە بۆ مەکتەب و سەرۆکەکەی!!!

**بەڕاستیی سەیرە .. دیارە یان مێژوو لـەلای ئێمە وەستاوە ، یان سیاسییەکانی کورد و (مەکتەبەکانیان) لـە مێژوودا چەقیون!.**

**نەك هەر دەرسێك لـە مێژووەوە فێرنابن ، تەنانەت ئەوەتا تازە تازە ئەیانەوێت چاو لـە مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بکەن! لـە کاتێکدا سیخوڕەکان بە پلـەی یەکەم خیانەتیان لـە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە ، ئینجا بە پلـەی دووەم لـە حیزبەکانیان.**

بەڵـێ .. ئەمڕۆ سەردەمی گڵۆڵـە* و پێشکەوتن و ئاشتیی و دیـموکراتییە و کوردیـش کەم و زۆر ئەو ڕێچکەیەی گرتووەتەبەر ، بۆیە بمانەوێت و نەمانەوێت دز و جەردە و سیخوڕ و دیکتاتۆرەکانی ئێمەش هەر ئاشکرا ئەبن و کاتی ئەوەش هاتووە کە بدرێن بە دادگا ، چونکە شەڕ دز و سیخوڕ و خائین دروستئەکات و ئاشتییش هەڵیانئەواسێت. ئەو ڕۆژەش دێت کە دادگای کوردستان لـەسەروو هەموو کەس و حیزب و دامودەزگا و سەرکردە و بنکردەیەکەوە بێت.

**لـە کوردستاندا گەردەلولی گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوون و شارستانیی لـە هەڵکردندایە و ئەوەی لـە ڕێیدا بووەستێت لـە ڕەگوڕیشەوە هەڵـیئەکێشێت.**

ئیتر باوی حیزبایەتی و سەرکردایەتیکردنی کلاسیکیی نەماوە و ئەوەی لـەگەڵ داواکاریی و پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتیدا خۆی نەگونجێنێت و نەڕوات ، لـە کاروان بەجێئەمێنێت.

بێزاریی گەلـەکەشمان گەیشتووەتە ڕادەیەك ، ها کە تەقییەوە و سەدان هەزار کەس ڕژانە ناو جادە و گۆڕەپانەکانەوە و داوای (چاکسازیی و پاکسازیی) بکەن ، یان بە دوری مەزانن کە داوا لـە ئەمێریکاییەکان بکەن باشوری وڵات ببەن بەڕێوە!

ئەی سیاسییەکان و مەکتەبەکانیان .. ئەی حیزبییەکان .. ئەی ڕۆشنبیران و جەماوەری کوردی قارەمان ، چاوێك بە مێژووی خوێناویی ئەم گەلـە کلۆڵـەدا بخشێننەوە ، هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێن. دە بەسە با لـەوە زیادتر لـە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەوین .. دەبا ئیتر بچینە ڕیزی گەلانی ئازادەوە و سەردەمێکیش بە ئاسودەیی و کامەرانیی بژیین و خەریکی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان بین.

گڵۆڵـە: گڵۆباڵـیزم ، عەولـەمە

**تێبینی:**

**ناوەڕۆکی ئەم بابەتەم لـە مانگی شەشدا نارد بۆ (هاوڵاتی) و لـەم دواییانەشدا بۆ (جەماوەر) بەڵام بڵاویان نەکردەوە!**